# بۆ شاعیرانی میربەد *

سەر هەڵبڕە، تاماشاکە!
تۆ تەماشای ئەو خەلیفە
پاشەڵدڕاوەی بەغدا کە.

* * *

لێرانەوە من دەبێنم.
چرووتەکەی لالغاوی ـ بۆڕیی نەوتە،
هەروا مژی لێدەدات و... تاوناتاوێ
مەمکدانی سوورەگوڵێ،
ڕزووی دەرپێ...
قەفی سمێڵ...
گۆشتی خاوی سەربڕاوێ
بەرەو نووسکە و لوورەلووری میربەد داوێ.
خێراتەکە،
پێش ئەوەی بگاتە زەوی،
هەر شاعیرە و تێی ڕوو دەبێ،
کلک بەرز و ئەستۆ نەوی!

١٩٩٠/١/١١ ـ تەرابلوس

---

**میربەد:** شوێنێکە لە پارێزگای بەسرە، لە دێرزەمانەوە بێشبڕکێی شیعرخوێندنەوەی تێدا دەکرێ. لە حەفتاکانەوە بۆتە دەلاڵخانەی قەڵەمفرۆش و جاشکەشیعر و بەعسی و مەعسییان.